# ئێران، هێزێکی ئەتۆمی بۆ بەدەستهێنانی هاوسەنگی سیاسی ... وەهاب شاه محمد



لە کاتی جەنگی ساردی نێوان رۆژئاواو رۆژهەلات، چەکی ئەتۆمی گەورەترین چەک بوو بۆ هەرەشەدڒ بەرامبەر و بەرگری کردن لەخۆ، زۆر کەس لەوباوەرەدابوو کە بوونی ئەم چەکە دەبێتە هۆی وێرانکردنی جیهان و لەناوبردنی، بەلاّم ئەمرۆ چەکی ئەتۆمی نەک تەنها وەک چەکێکی هەرەشە بەکاردەهێنرێ بەلّکو وەک چەکێکی سیاسی لە ململانێ بەرژەوەندیەستراتیجێکانیش لە نێوان ولاّتاندا بەکاردەهێنرێ.

جاران تەنها ولاّتانی وەک ئەمریکا، روسیا، چین، فەرەنسا وە بەریتانیا چەکی ئەتۆمیان هەبوو، بەلاّم ئەمرۆ هەندێ ولاّتی تر هەن کە بوونەتە خاوەن چەکی ئەتۆمی وەک ولاّتی پاکستان، هیندستان، کۆریای باشوور وە هەندێ کەسیش دەلّێن ئیسرائیلیش چەکی ئەتۆمی هەیە بەلاّم تاکو ئێستا ئەم ولاّتە دانی بە بوونی ئەم چەکە نەهێناوە.

لە سالّی 1968 ئەو چەکە ئەتۆمێانەی کە هەبووە نزیکەی 38634 هەزار چەک بووە جیهانیSIPRI، ئەم ژمارەش لە سالّی 1986 بووە بە 65057 هەزار چەک. لە دووارا‌پۆرتی سالّی 2005 هێزلەکان خاوەنی 13470 چەکی ئەتۆمی بوون، پاشان ئەوەندەی تریشیان بەگوێرەی رێکەوتنامەی تایبەتی نێوانیان لەناوبردووە. ولاّتی هیندستان دەیەوێ هێزە ئەتۆمێکەی وەک فشار بەکاربهێنێ بۆ بوون بە ئەندامبوون لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نێو دەولّەتی، پاکستانیش بۆ بەرگی کردن لە هەرەشەکانی هندستان رۆژ بەرۆژ زیاتر گەشە بە بەرنامە ئەتۆمێکانی دەدات.

ئیسرائیل کە زۆر کەس باس لەوە دەکات کە خاوەنی چەکێکی ئەتۆمی زۆرە ئەم چەکانەی تەنها بۆ بەرگریکردن لە هەرەشەکانی ولاّتانی عەرەبی گەشە پێداووە، کە خواستیاری نەمان و لەناوبردنی ئەم ولاّتە دەستکردەی رۆژئاوان، بەلاّم ولاّتی ئگسرائیل تاکو ئێستا دانی بە هەبوونی لەم جۆرە چەکە نەداووە.

ئێران بە یارمەتی رووسیا خەریکە بنکە ئەتۆمێکانی گەشە پێدەدات، وەک خۆشیا ن باسی لێوەدەکەن تەنها بۆ پرۆژە سیڤیلێکان بەکاردەهێنن، بەلاّم ئەمریکاو رۆژئاوا گومانیان لەو بەلّێنانەی ئێران هەیەو لەو باوەرەشدان کە مەبەست لەو پرۆژانە تەنها بۆ مەبەستی وەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمیە لە دووارۆژ و هیچی تر.

ماوەیێکە بەرنامە ئەتۆمێکانی ئێران بووەتە جێ نیگەرانی و کێشەی نێوان هەندێ ولاّتانی گەورەی جیهانی، لەسەرووی هەمووشیانەوە ئەمریکای تاکە زلهێز ولاّتانی هاوپەیمانی لە ناوچەکە و جیهان. ئەمریکا لە رێگای یێکێتی ئەوروپاوە هەولّ بۆ رازیکردنی ئێران دەدات بۆ رێگاگرتن لێ لە پێشخستنی بەرنامە ئەتۆمێکانی، کە گومانی وایە ئەنجامەکەی درووست کردنی چەکی ئەتۆمیە. ئەمریکا لە رێگای هاوپەیمانەکانی لە یێکێتی ئەوروپا خواستیاری گەیاندنی دۆسەی بەرنامە ئەتۆمێکەی ئێرانە بۆ ئەنجوومەنی ئاسایشی

نێودەوڵەتی بۆ بەکارهێنانی هەندێ گەمارووی ئابووری و سیاسی زیاتر بۆ فشارهێیان بۆ سەر ئێران بۆ دەستبەردان لەو بەرنامانە.
وڵاتانی چین و رووسیای فیدرال کە دوو دوو وڵاتی ئەندامی هەمیشەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیین بە هیچ جۆرێک رازی نیین کە دۆسەی بەرنامە ئەتۆمێکەی ئێران بچێتە بەردەست ئەنجوومەنی ئاسایش بۆ بریاردان لەسەری. ئەمریکا ماوەێکە لە رێگای وڵاتانی یکێتی ئەورووپا هەوڵ بۆ رازیکردنی وڵاتی ئێران دەدات بۆ دەستوەردان لە هەوڵەکانی بۆ گەشەدان بە بەرنامە ئەتۆمێکەی. ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە جیهان ترس و گومانیان لە بەرنامە ئەتۆمێکەی ئێران هەیە و لەوباوەرەش دان کە ئەم وڵاتە ئەگەر بێتوو رێ لێنەگیرێ ئەوا پاش چەند ساڵێکی تر دەتوانێ ببێتە هێزێکی ئەتۆمی جیهانی و چەکی ئەتۆمێکەی وەک فشاری سیاسی لە جیهان و ناوچەکە بەکاردەهێنێ. .
وڵاتی ئێران کە سنووری لەگەڵ پاکستانی خاوەن چەکی ئەتۆمی و هاوپەیمانی کۆنی ئەمریکا هەیە لەلایێک، لە لایێکی تریشەوە عیراقی تازەی هاوپەیمانی عیراق وڵاتانی کەنداو کە ساڵەهای ساڵە رێکەوتنامەی سەزبازی و ئەمنی گەورەیان لەگەڵ ئەمریکا هەیە کەوتۆتە مەترسی و لەو باوەرەشدایە کە لەهەموو لایێکەوە گەماروو دەدرێ.
وڵاتی ئێران گومانی لە بەرنامە سیاسێکانی ئەمریکا هەیە لە ناوچەکە، کە ئەو بەرنامەو پیلانانەی لە دووارۆژ وڵاتی ئێرانیش دەگرێتەوە بۆیە هەموو هەوڵێک دەدات بۆ رێگاگرتن لەو بەرنامانە. ئێران وەک وڵاتێکی تاکە مەزهەب شیعە کە ساڵەهای ساڵە کێشەی سیاسی گەورەی لەگەڵ وڵاتانی ئەمریکا و ئیسرائیل هەیە خۆی لە سووچێکی تەسک دەبینێتەوە، رۆژ بەرۆژ فشارە سیاسی و ئابوورێکانی سەری لە زیاد بووندایە.

ئێران کە سنوورێکی گەورەی لەگەڵ هەردوو وڵاتی عیراق و ئەفغانستان هەیە، ئەم دوو وڵاتەش بە تەواوەتی کەوتوونەتە ژێر پرۆسە ئەمریکیە تازەکە، لەوباوەرەدایە کە پرۆژەکە لە دووارۆژ ئێرانیش دەگرێتەوە بۆیە چەکێکی ئەتۆمی لە دووارۆژ دەتوانێ وەک فشارێکی سیاسی باش بۆ بەرگری کردن لەو پیلانانەی ئەمریکا بەکاربهێنێ. ئێران کە کێشەی سیاسی و ئابووری گەورەی هەیە ئەو باش دەزانێ کە ئەمریکا بە ئاسانی دەتوانێ ئەو کێشانە بەکاربهێنێ بۆ دەست تێوەردان لە کاروباری ئەم وڵاتە.

ئێران لەو باوەرەدایە کە بێ بوونی چەکێکی ئەتۆمی ناکرێ خۆی لەو هەموو هەرەشانەی وڵاتانی ناوچەکەو جیهان بپارێزێ، چوونکە هەشت ساڵەی شەری نێوان عیراق و ئێران وەک ئەزموونێکی تاڵ بۆ ئەم وڵاتە ماوەتەوە. لە ماوەی هەشت ساڵی کەنداو رۆژئاواو رۆژهەڵات هاوکاری سەربازی و ئابووری گەورەی رژێمی عیراقیان دەکرد، بۆیە ئێران بە هیچ جۆرێک باوەری بە پاڵپشتێکی دەرەکی نیە لە کێشەکانی دەرەوەی، لەو باوەرەشدایە کە تەنها رێگایێک بۆ بەرگری کردن لە خۆ لە دووارۆژ لە رێگای بوونی چەکی ئەتۆمیەوەیە.
ئێران وڵاتانی وەک کۆریای باکوور و ئیسرائیل وەک نموونەی باش دەبینێ لە بەرگری کردن لەخۆ، چوونکە هەردوو وڵات، کۆریای باکوور هەر لەساڵی 1956 تاکو ئێستا هیچ هێزێک نەیتوانیوە هەرەشەێکی ئەوتۆی بۆ دروست کات، ئەویش بە هۆی هێزە ئەتۆمێکەیەوە. هەرچی ئیسرائیلیشە تەنها ترسی بوونی چەکە ئەتۆمێکانێتی توانیوێتی تاکو ئێستا لە هەموو هەرەشەو پەلاماردانێکی وڵاتە عەرەبی و ئیسلامێکان بیپارێزێ.
وەهاب شاە محمد
Shah. wahab@gmail. com